ئەی خودایە، هەر کەسێک کرایە کاربەدەست لە سەر کاروبارەکانی ئومەتەکەم، وکاری لەسەریان قورس کرد؛ ئەوا تۆیش کاری لەسەر قورس بکە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- لەم ماڵەی مندا دەیفەرموو: «ئەی خودایە، هەر کەسێک کرایە کاربەدەست لە سەر کاروبارەکانی ئومەتەکەم، وکاری لەسەریان قورس کرد؛ ئەوا تۆیش کاری لەسەر قورس بکە، هەر کەسێک کرایە کاربەدەست لە سەر کاروبارەکانی ئومەتەکەم، وکاری لەسەریان ئاسان کرد؛ ئەوا تۆیش کاری لەسەر ئاسان بکە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

هەرکەسێک کرا بە کاربەدەست لەسەر کاروباری مسوڵمانان، ئینجا فەرمانڕەوایەتیەکە گەورە یان بچووک بێت، گشتی یان بچووک -تایبەت- بێت، ئەگەر کاری لەسەریان قورس کرد ونەرمونیان نەبوو بەرامبەریان؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای کردووە لەسەری بەوەی خوای گەورەیش کاری لەسەر قورس بکات بەهاوشێوەی کردەوەکەی، و هەرکەسێک کرایە کاربەدەست لەسەر کاروباری مسوڵمانان، وکاری لەسەریان ئاسان کرد ونەرمونیان بوو بەرامبەریان؛ -صلى الله عليه وسلم- نزای بۆ کردووە بەوەی خوای گەورەیش کاری لەسەر ئاسان بکات وڕەحمی پێبکات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5330